## ئەمرۆ دروشمی ( نا بۆ دەستوری ئیسلام وە نا بۆداگیرکاری)سەفارەتی ئەمەریکای لە شاری هیلسینکی گرتەوە!


ئەمرۆ لەوەلام  بە بانگەوازی ریکخراوی ئازادی عیراق. دژ بە دەستوریک کە بۆ خەلکی عیراق دائەنریت و قەرارە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵدا لەژیر ناوی ریفراندۆمدا رەسمیەت بدەن بەم دەستورە، بە دەیان کەس لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وە بە هاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران– حکمتیست لە فنلاند لە ئاکسیۆنیکی فراواندا دژی ئەم دەستورە نارەزایەتیان دەربری...

سەراتا ئامادەبوان لەسەنتەری شاری هیلسینکی بۆ ماوەی سەعاتیک بە شیعارو لافیتەوە دژ بەدەستور شیعاری (نا بۆ دەستوری کۆنەپەرستی ئیسلامی و  نا بۆ دەستورێک کە ئەمەریکا سەرپەرشتی بکات) راوەستان ،وە ژمارەیەکی زۆر لە بەیاننامەی کۆنگرەی ئازادی عیراق و ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حککع  بلاوکرانەوە. پاشان  بەرەو سەفارەتی ئەمەریکا بەدەم ووتنەوەی سروودی ئەنتەرناسیۆنال کەوتنە رێ و لەبەەردەمی سەفارەتدا چەندین دروشمی ( نا بۆ داگیرکاری و نا بۆ خوین رشتن و هیزەکانی ئەمەریکا و ئیحتلال بۆ دەرەوە) چەند بارە ئە بونەوە..پاشان هەریەک لە ئەندامانی کۆمیتە( مستەفا باهیر و ئالا فرج و جەمال سالح) قسەو باسیکێیان لەگەل بەرپرسانی سەفارەتەکە کرد وبەییانامەی ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حیزبیان دانیَ و ئەوهۆکارانەیان روونکردەوە کە بوونەتە هۆی دژایەتی دەستوری ئیستای عیراق... پشان ووتەیەک لەلایەن لیێپرساوی کۆمیتەی فنلاندەوە پیشکەش بەئامادەبوان کرا. بەوتنەوەی دروشمەکان  کۆتایی بە  ئاکسیۆنەکەهات....

مستةفا باهیر

لیێپرساوی کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە فنلاند

2005–9 –24




EI AMERIKKALISELLE JA
ISLAMILAISELLE
PERUSTUSLAILLE


SUOMALAINEN
BOOKSTORE

